# داگیرکردنی خاک لەڕێگەی ئایدۆلۆژیای مەزهەبی

**پێشکەشە بەدایکانی شەهیدو پارێزەرانی وولات**

"پێشتر ئاینەکان سیاسیەکانیان بەکاردەهێنا
ئێستاش سیاسیەکان ئاین بەکاردێنن"

نووسەر: زانەوێر ڕەزاق خەیلانی

2019 زاینی

# داگیرکردنی خاک لەڕێگەی ئایدۆلۆژیای مەزهەبی

## نوسینی / زانەوێر ڕەزاق خەیلانی

تێبینی // ماف بلاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ نوسەر، هیچ کەسێك بۆی نیە ئەم بەرهەمە یان بەشێکی بەبێ ئاگاداری نوسەر بەکاربهێنێت.

# ناوەڕۆک


- پێشەکی
- سەرەتای چوونە ناو بابەت
- بەشی یەکەم
- بەشی دووەم
- بەشی سێیەم

# پێشەکی

ئایدۆلۆژیا بریتی یە لەکۆمەلێک بیروباوەری ڕەها یاساو ڕێسا کە کۆمەلێک مرۆڤ یان مرۆڤانێک لەسەری دەرۆن بەتایبەت بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمی حوکمڕانی بەکاردی دێنن و هەروەها بۆ بوارەکانی تری ژیان پاشان بەدرێژایی ئەوکاتەی ئایدۆلۆژیا بەهەموو ڕێبازەکانیانەوە و رێچکەکان سەری هەلداوە گرنگی تایبەت بەخۆی هەبووەو هەشە بەتایبەت بۆ حوکمڕانی و بۆتە چەکێک بەدەست سیاسیەکانەوە بۆ خزمەت کردن بەنەتەوەو بۆ وولاتی خۆیان بەکاریان هێناوە ئایدۆلۆژی کاریگەری لەسەر ئاڕاستەکردنی ئەو مرۆڤانە هەیە کە خاوەنی هەمان ڕێبازن جا هەر ڕێبازێک بێت ئینجا یەکێک لەو ڕێبازانەش ئایدۆلۆژیای ئیسلامیە بەهەموو مەزهەب و لق و پۆپ و گروپەکانەوە بۆیەش من ئەو بابەتەم هەلبژاردووە چونکە گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە تا ئێستاش باسی لێوە نەکراوە ئیدی پێویستە خەلک بەو جۆرە بابەتە ئاشنا بێت و زانیاری لەسەر هەبێت لەکۆتایی پێشەکەکیە دا دەلێم هیچ کارێک بێ کەم و کورتی نابێت و لەکەم وکورتیەکانیشمان ببورن لەهەمان کاتدا ڕەخنەو سەرنج و پێشنیارتان سەرسەرو سەرچاوانم.

ئیتر زۆر سوپاس.

**زانەوێر ڕەزاق**

# سەرەتا

دوای ئەوەی پەیامبەری ئیسلام بەهۆی ئاینەوە توانی زۆرێک لەهۆزە عەرەبەکان تا ڕادەیەک یەکیان بخات پاشان پاش کۆچی پەیامبەری ئیسلام و کۆچی دوایی کردنی هۆزە عەرەبەکان گەڕانەوە بۆ پێش ئاینی ئیسلام و هۆزە عەرەبەکان کەوتنە ململانێ لەسەر دەسەلات و پێشەوایەتی کردنی موسلمانەکان هەر ئەوەش وای کرد کە ململانێکە کوشتارو قوربانیەکی زۆری لێبکەوێتەوە بەتایبەت ئەمەش کوژرانی عوسمانی کوڕی عەفان و بوونی عەلی کوڕی تالب بەخەلیفەی چوارەمی موسلمان ئیدی لەو کاتەدا هەندێکیان پشتگیریان لێ دەکردو هەندێکی تریش دژی وەستان جا هەردوولاش قسەو بیانوویان بۆ پشتگیری یان پشتگیری نەکردنی هەبوو پاشان ئەوانەی پشتگیریان نەکردوو و دژی بوون ئەوان پێیان وابوو کە عەلی کەسێکی گونجاو نیە بۆ ئەو شوێنە ئەوانە ئەوگروپە بوون کە معاویە کوڕی ئەبو سوفیان سەرکردایەتی دەکردن جا ئەو گروپە یان ئەو بەرەیە لەو بڕیارە یاخی دەبن و پەسەندی ناکەن دواتر ئەو دوو بەرەیە یاخود ئەو دوو لایەنە ناکۆکە بەهێز بەرامبەری یەکتر ڕادەوەستن و دەیانەوێ بەهێزو بەزەبری شمشێر کێشەکە یەکلا بکەنەوە و بەو جۆرە خۆیان بەسەر یەکتردا بسەپێنن. پاشان هەندێک کەس داوا دەکەن کە کێشەکە بەدیالۆگ و دانوساندن لەسەر ئەو بابەتە ڕێک بکەون هەروەک دەزانین معاویە کوڕی ئەبو سفیان خۆی بەمیراتگیری عوسمان زانیوە بەو پێ یەی هەردووکیان لەیەک هۆزی عەرەبی بوونە ئەویش هۆزی بەنی ئومەییە بوو جا ئەو کاتی کە لەبڕیارەکەدا یاخی دەبێت ئەو کات والی شام بووە یانی خاوەن دەسەلات بووە عەلی ئەبو تالبیش لەهۆزی بەنی هاشم هەروەها پەیامبەری ئیسلامیش لەهۆزی قوڕەیش

بووە ئەو هۆزانە پێش ئاینی ئسلام لەشەرو ململانێ بوونە و پاش وەفات و کۆچی دوایی پەیامبەری ئیسلام گەڕاونەتەوە سەر ململانێ کردن و بەرژەوەندخوازی هۆزایەتی ئەمەش لەسەر حیسابی خەلک و قوربانی دانی خەلک دوواتر هەروەک ووتمان ئەو هۆزانە لە ململانێ دابوونە بۆ دەسەلات وەرگرتن جا هەر هۆزێکیش خۆی بەشیاو زانیوەو ئەگەر سەرنج بدەین و سەیری ئەو کات بکەین کە عەلی هەلبژێردرا بۆ خەلیفایەتی ئەوا ناکۆکیەک سەر هەلدەدا بەشێوەیەکی قول و ڕەنگیشی دەداتەوە لەسەر داهاتوو جا عەلی ئەبوو تالب لە دەسەلات دەهێنرێتە خوارەوەو ئەوا شەڕێکی خوێناوی لەنێوان ئەو دوو بەرە ناکۆکە ڕوودەدات و خەلکانێکی زۆریش دەبنە قوربانی و زیانێکی زۆریش بەو دینە دەکەوێت پاشان عەلی ئەبو تالب لەمزگەوتی کوفە لە لایەن رحمان مولجەمی مورادی لە ورگو زگی دەدرێت و ئەو کات گیان لەدەست دەدات لێرەشدا دووبەرەکیەکە تۆخ تر دەبێت و ڕەنگ دەداتەوە زیاتر لێک دەترازێت ئینجا پاش ئەمەش محاویە دەولەتی ئەمەوی ڕادەگەیەنێت و خۆی سەرکردایەتی ئەو دەولەتە دەکات جا محاویە لەهۆزی بەنی ئومەییە بووە ئەو هۆزە هۆزێکی کۆچەری عەرەب بوونە دوای ئەوەی دەسەلات دەگرنە دەست شێوازو سیستەمی حوکمڕانی دەگمەن لەگەل بنەماکانی ئاینی ئیسلام هاتۆتەوە یانی ئەوان بەهیچ شێوەو شێوازێک ئیمانداروخواپەرست نەبوونە دەولەتەکەشیان زیاتر سیمای عەرەبی وەرگرتووە جا دەولەتی ئەمەوی جۆرە حوکمڕانیەکی دیکتاتۆری پەیڕەو کردووە دیکتاتۆریەکەشیان لەهەموو بوارەکانی کۆمەلگا خەلک لە سەردەستی ئەوان نارازی بووەو ناڕازیەکانیش تووشی کوشتن و بڕینێکی زۆر بۆتەوە هەروەها هەولی ڕاونان و لەناوبردنی نەیارەکانیان داوە جگە لەوەش وا نیشانی خەلکی

عەرەب دراوە کە دەولەتەکەیان کە دەولەتی ئەمەوییە هەر کەسێک دژایەتیان بکات ئەوا دژی عەرەبە و دواتر دژی ئیسلامە هەر بەجۆرەو بەم ڕێگایە دەتوانین بلێین شوناس سڕینەوە بەشێوەیەکی زەق و دیار هەروەها بەشێوەیەکی چڕوپڕ لەسەردەمی ئەوان دەستی پێکردووە پاشان هەر لەسەردەمی ئەواندا چەندین گروپ و لق و پۆپی تر دروست بوون و هاتنە کایەوە ئەوانیش (شیعە، خاریجیەکان و مورجیئەکان) ئینجا دەرکەوتنی ئەوانە زیاتر سیاسی و دەسەلات وەرگرتن بووەو هەروەها خۆ جیاکردنەوە لەوانی تر لەپشت مەسەلەی دین ویستێکیان خۆی حەشارداوە و شاراوەبووە ڕەوایەتیشی بەکارو کردەوەکانی داوە ئیدی چەندین جار شەڕ لەنێوان ئەوانەدا سەری هەلداوە  هەر لەوکاتەدا کە سەردەمی ئەوان بووە تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر خەلک بۆتە قوربانی  ئەو ململانێیە پاشان دەتوانین بلێین دەولەتی ئەمەوییەو عەباسیەکان و فاتمیەکان و عوسمانی و سەفەوییەکانیش لەگەل ڕێکخراوو گروپەکانی تریش بۆ بەرژەوەندی سیاسی و بەرژەوەندییەکانی تریش ئاین و دینیان وەک ئامرازێک بەکار هێناوە بۆ بەرژەوەندی و خواستی خۆیان ئینجا گرنگترین ئەو بەرژەوەندیانەش لەسەروی هەموویانەوە شوناس سڕینەوەی نەتەوەکانی ترو بۆ سەرەوە بردنی نەتەوەی خۆیان و لەناو ئەویشدا هۆز و تیرەی خۆیان پاشان بەکارهێنانی خەلکی نەتەوەی تر، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت پڕۆسەی بەسیاسی کردنی ئیسلام و شوناس سڕینەوە لەسەردەستی معاویە دەستی پێکردووە زۆر زیرەکانە بۆ دینی بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆی و عەرەب و هۆزەکەی بەکاری هێناوە پاش ئەوەش چەندان گرروپ و لق و پۆپی تر دەرکەوتن ئەوانیش سەفەویەکان و عوسمانیەکان عەباسیەکان و پاشانیش ئیخوان موسلمین و وەهابیەت و گولەنیەکان ئینجا لای هەر یەکەیان دین و

ئاین ئامرازێک بووەو دەبێت بۆ خزمەت کردن و بەرژەوەندی خۆیان و نەتەوەکانیان ئەوەتانێ میرێکی هۆزو میرنشینی تورک بەهۆی دینەوە میرنشین و هۆزەکانی تری تورکی یەکخست و خستیە ژێر ڕکێفی خۆیەوە دواتر هەر بەهۆی دینەوە خەلکی نەتەوەی تری وا لێکردووە کە خزمەت و خەبات لەگەل ئەوان و نەتەوەی ئەواندا بکەن جا بەهەمان شێوەی تورک فارسەکانیش بەسەرکردایەتی شا ئیسماعیل سەفەوی ئاینی ئیسلامی و مەزهەبی شیعەی بەکارهێناوە ئەو مەزهەبی شیعەی بەسەر کۆمەلگاو خەلکی ئێرانی داسەپاندووە ئەمەش بۆیە شیعەی بەکار هێناوە چونکە:-

**یەکەم** هەندێک جیاوازی خالی زەق و دیاری لەگەل عوسمانیەکاندا هەبێت

**دووەم** بۆ ئەوەی وولاتی خۆی لەوەی تر جیا بکاتەوە و لەیەکتری جیاواز بن

**سێیەمیش** بۆ ئەوەی هەر کاتێک چاوی چووە فراوان خوازی و فراوان بوونی ئەوا بتوانێت بەکۆمەلێک قسەو ووتەو دروشم شیعەکان بەکاربێنێت هەر بەهەمان شێوەش عوسمانیەکان هەمان ئامانج و مەبەستیان هەبووە تا ئێستاش جۆرێک لەجۆرەکان بەردەوامە و هەروان هەرواش دەبن جگە لەوەی ئەو دوو دەولەتە خەریکی شوناس سڕینەوەی کوردو نەتەوەکانی ترن لەناو چوارچێوەی دەولەتەکانیان هەر بەوەش ڕاناوەستاون خەریکی ڕەوانەکردنی ئایدۆلۆژی خۆیانن بۆ کوردستان و وولاتانی تر ئەمەش بۆ ئەوەی خاک لەڕێگەی ئایدۆلۆژیا داگیر بکەن و بیخەنە ژێر کاریگەری خۆیان و خەلکیش لەسەر ئەمە پەروەردە بکەن و پەروەردەکراوی ئەو وولاتانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنن. باشە بۆچی ئەو سنورەی لەئێران نزیکە بۆ ئەوە ژمارەی شیعەی ژێر کاریگەری ئێران لەزیاد بووندایە؟ مەبەستم سنوری باشوری کوردستانە دواتر گوندی بەشیر چۆن دروست بوو؟ بۆچی ئێستا لەفروان

بووندایە؟ ئەی بۆچی تورکیا قوتابخانەو زانکۆ لەکوردستاندا دەکاتەوە؟ ئایا ئێمە هەستمان بەو مەترسیەی ئەوان کردووەو ئاگادارین بەنیازی چین؟چیش لەناو بەشە ناخۆیی و زانکۆو کۆلیژەکانی ئەواندا دەەگوزەرێت ؟ ئەی ئاگاداری ئەوەن ئەوانەی بۆ خوێندنی ئیسلامی دەچنە تورکیاو ئێران و وولاتانی تر ئەوانە بەگوێرەی چوونیان بۆ هەر زانکۆیەک لەو وولاتانە دەکەونە ژێر کاریگەری بیروبۆچوونی ئەوان ئەمەش چونکە ئەو وولاتانە خۆیان ئایدۆلۆژیای خۆیان لەزانکۆکان بەتایبەت بەشی ئیسلامیەکانیان چونکە ئەوان ئایدۆلۆژی خۆیان کردۆتە مەنهەجو پرۆگرام ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو کەسانە لەوێ بخوێنن لەسەر ئەمە پەروەردە بکرێن و کار لەهەست و سۆزیان بکات ئینجا پاش خوێندنیان لەم وولاتانە دێنەوە وولات ئەو بیرو فکرو ئایدۆلۆژیایە بەکەسانی تر ئاشنا دەکەن تا وای لێدێت پەرە دەسەنێت و زیانیش لە وولات دەدات ئەمەش لەزۆر ڕووەوە مەبەستم ئەوەیە ئەوان دەبنە هێزێک یان هێزانێک دەبێت خەریکی ئەوان بیت و ململانێیان لەگەل ئەو ئایدۆلۆژیاو لقانەدا بکەیت بۆیە وا پێویست دەکات و وا باشترە زوو چارەسەرێک بۆ ئەمە بدۆزرێتەوە بێگومانیش چارەسەری گونجاو هەروەها دوای ئەمەش دوو گروپ وەک نموونە لەسەر ئەو بابەتە دەهێنینەوەو باسیان دەکەین پاشانیش دەچینە بەشی تر.

# بەشی یەکەم
# ژیانی فەتحولا گولەن

فەتحولا گولەن لەسالی 1941 لەپارێزگای ئەرزەرۆم لەخێزانێکی دینی لەدایک بووە هەر لەتەمەنی منداڵیەوە خراوەتە بەر خوێندن پاش ئەوەی خوێندن تەواو دەکات لەمزگەوتی کەسانی پازاری لەئەزمیر دەبێتە ووتار بێژ جا جگە لەوەی ووتاربێژ بووە و کاری ووتاربێژی کردووە هەمان کاتدا دەبێتە کەسێکی گەڕۆک لەنێو شاردا ئەو بەهۆی ووتاردانی چ لە مزگەوت یان گەڕەک و ناوچەو شوێنەکانی تر توانیویەتی کاریگەری لەسەر خەلک دروست بکات هەربۆیەش خەلککی زۆری لێ کۆبۆتەوە هەروەها دوای ئەوەش توانیویەتی کاریگەری لەسەر خەلک دابنێت و بیری لەدروست کردنی گروپ و ڕێکخراوێک کردۆتەوە بەناوی خزمەت.

## دامەزراندن و دروست کردنی خزمەت

بزافی خزمەت یان بزافی گولەن لەسالی 1966 لەلایەن کۆمەلێک کەس بەسەرکردایەتی گولەن لەتورکیا دادەمەزرێت جا ئەو کەسانەی لەگەل گولەندا بزاڤەکەیان دروست کردوو دامەزراند زیاتر ئەو کەسانە بوون کە کەسانی بازرگان و ڕۆشنبیرو خاوەن فکرو ئایدیا بوون لەگەل هەندێک شارەزا لەبواری تر ئیدی ئەو جۆرە کەسانەی لەپیشەی بازرگان و ڕۆشنبیرو خاوەن فکرەکانی لەخۆی کۆکردەوە توانیویەتی بناخەیەک بۆ گروپ و ڕێکخراوو هەروەها بۆ کارو چالاکیەکانی خۆی دابنێت جا خۆی ئەو دوو پیشەیە پایەی گرنگن و پێویستن بۆ هەموو جۆرە کارێک و پیشەیەک بەتایبەت کاری سیاسی و

ئابوری ئینجا ئەوەش هەم دابین کردنی پێداویستیەکانیان هەم بەفکر بیر بانگەوازکردن بۆ بزاڤ وگروپەکەیان پاشان دەتوانم بلێم یەکەم دامەزراوەو چالاکیان دروست کردنی بەشە ناوخۆیی بوو دوای ئەوەش کەنالی ڕاگەیاندن و گۆڤارو ڕۆژنامەو چەندان شتی تایبەت بەخۆیان کردۆتەوە ئەو شتانەش وەک ئامرازێک بۆ بلاو کردنەوەی بیرو باوەڕی خۆیان بەکاریان هێناوە.

## چۆنیەتی بلاو کردنەوەی ئایدۆلۆژیای گولەن

کاتێک ئەوان کۆبوونەوەو دانشتن دەکەن پلان و بەرنامە بۆ ڕێکخراوەکەیان دەخەنە ڕوو کە چۆن بتوانن سود لەو ڕێگاو ئامرازانە وەربگرن کە سود و بەرژەوەندی ئەوانی تێدابێت دیارە واش بەباش دانراوە و زانراوە کە لەبەشە ناوخۆییەکان دەست پێبکەن پاشتر کە ئەوەیان کردووە ئیدی بەرە بەرە و هێواش هێواش ئامرازو ڕێگاکانی تریان بەکارهێناوە هەروەک ووتمان سودیان لەبازرگانی و بازرگاانانی هاوبیری خۆیان وەرگرتووە بۆ ئەوەی بەمادی ئەوان بەشە ناوخۆیی بکاتەوە هەروەها ڕاگەیاندن و گۆڤارو ڕۆژنامە بکاتەوە پاشان خاوەن فکرەکانیش بۆچوون و ڕای خۆیان بەو شێوە بلاو کردۆتەوە کە بتوانن کار لەخەک بکەن بۆ خۆیان ڕایانکێشن جا ئەوان ئامانجی گەورەیان هەبووە بەلام بەشێوەی هێواش و لەسەر خۆ کاریان کردووە پاشان لە سەرەتای ئەو ئامانجەش لەکردنەوەی بەشە ناوخۆیی دەستی پێکردووە لەو بەشە ناوخۆییە لەپال خزمەت کردن وهاوکاری کردنی فێرخوازان چەندین ڕێنمایی و یاسایان داناوە ئەمەش بۆ ئەوەی پەروەردەیان بکەن لەسەر بیرو بۆچوون و هزرو تێڕامانی خۆیان و خستنە ژێر کاریگەری خۆیان هەروەها دوای ئەوەی کە لایەنگرو شوێنکەوتووی زیاد دەکات کار لەسەر ئەوە دەکات کە بیر لەدروست

کردنی ڕاگەیاندن بکاتەوە و بناخەیەک بۆ گروپەکەیان دابنێت ئیدی هەر بەهۆی ئەمەو ڕێگاکانی تر پەرەدەسەنن لەناو تورکیا دا ئینجا پاش ئەوەی توانیویەتی جێگایەک وە شوێنکەوتووی لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە ئەمە لەخاکی تورکیا و باکوری کوردستان یانی مەبەستم ئەوەیە کە بناخەیە دروست بکات پاش ئەمە پەلی بۆ دەرەوە هاوێشتووە ئەمەش سودی لەڕووداوو خراپی ئاستی وولاتان وەرگرتووە بەتایبەت لەڕووی هەژاریو برسیەتی هەروەها خراپی ئاستی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانەوەو زانکۆی ئەو وولاتانە هەر ئەمەش وای کردووە بچێتە وولاتان پەلهاوێشتو ڕەوانەکردنی ئایدۆلۆژیای بۆ ئەو وولاتانە یەکەمین پەلهاوێشتنی ئەو کاتە بوو کە یەکێتی سۆڤیەت کە لەسالانی نەوەدەکان ڕووخاو ئەو وولاتانەی لەژێر دەسەلاتی ئەو بوون یان بلێین داگیرکرابوون ئەوا  ئەو وولاتانە هەژارییەکی زۆرو برسیەت و نەبوونی زۆری تێدا بوو ئەو وولاتانەش بەتایبەت هی ئاسیای ناوەڕاست بوو جا ئەوان ئەمەیان بەهەل زانیوە بۆ ئەوەی بتوانن شوێن پێی خۆیان لەو وولاتانەدا بکەنەوە ئەتوانین بلێین لێرە دا ئەوان چوونەتە قوناخی ترەوە ئەویش ڕەوانەکردنی ئایدۆلۆژیا لەپشت هاوکارو یەرمەتی خۆی حەشار داوەو خۆی شاردۆتەوەو هەر لەگەل هاوکاری کردن و بەخشینی پێداویستیەکان ئایدۆلۆژیای خۆیان لەڕێگەی کتێب و نامیلکەوگۆڤار بلاو کردۆتەوە ئیدی چۆنیەتی بلاو کردنەوەی ئایدۆلۆژیاکەیان چ لەگەل هاوکارییە مرۆییەکان یان لەڕێگەی تر وەک قوتابخانەوە و زانکۆ ئەتوانین بێن ئەوان مەبەستیان هاوکاری کردن نەبووە بەلکو وەک ئامرازێک بەکاریان هێناوە بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بەشێوەی هەست پێنەکراو بۆ بلاو کردنەوە داگیکردنی بەکاری بهێنن یانی لەپشت هاوکاری کردن ئایدۆلۆژیەکەیان بلاو کردۆتەوە گومانیش لەوە دانیە

ئەوان لەمە تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوونە و سودیان پێگەشتووە جا دوای ئەوەش کە هاوکاری خەلک دەکەن و خەلک جۆرێک لەجۆرەکان دەکەونە ژێر کاریگەری ئەوان چونکە خەلک زیاتر هەست و سۆزی بووەو بەسەریشی زال بووە بەسەر ئەقلدا هەر ئەمەش هۆکارێک بووە و وای کردووە شوێنکەوت و لایەنگر لەوێ پەیدا بکەن ئیدی کە خەلکیشیان پەیدا کردووە لەم وولاتانە دا جا بەهەر شێوەو ئامرازێک بێت ئەوا ئەو خەلکەی ژیر کاریگەری ئەوان و لایەنگرو دۆستی ئەوان ئەوان لەڕێگەی خۆیانەوە کاریان بۆ ئەمە کردووەو بەپێی پلان و بەرنامەکی بۆ داریژراو بەچەندین ڕێگاو ئامرازو شێوە خەلکیان بۆ ئەو جۆرە ئایدۆلۆژییە کوکردۆتەوە باشە لێرەدا چەندین پرسیار بروژێنین بۆچی گولەنیەکان لەپال هاوکاری کردن و یارمەتی دانی خەلک ئایدۆلۆژیاکەیان پێدەناسێنن؟ ئامانج و مەبەستیان چیە؟ چ شتێک لەپشت ئەمە خۆی حەشار داوە؟ بێگومان ئامانجیان لە بلاو کردنەوەی ئایدۆلۆژیا داگیرکاری بووە ئەمەش بەپێی کات تا وای لێدێت ببنە ژمارەو هێزێک لە هەر یەک لەو وولاتانە بەرە بەرەش بەرەو فراوان بوون دەڕۆن بەمەرجێک ئەگەر ڕێی لێ نەگیرێت وسنوریان بۆ دانەنرێت جاهەر ڕێگەیەک بێت باشترین ڕێگاو چاکترین ئەوەیە لەڕووی فکرو بیرەوەیە یانی ململانێ کردن لەڕگەی شەڕی فکرییەوە بکرێت بۆ ئەوەی خەلک بزانێت کە ئەوانە چەند مەترسیدارن لەسەر دوا ڕۆژی خەلک و خاکەکەیان مەترسیداەکەش بەپلەی یەکەم ئیمپراتۆرییەتە لەسەر خا و خوێنی خەلکەکەی و سەپاندنی زمانی تورکییە هەروەها داب و نەریت و کلتوری تورکییە بێگومان ئەمەش ئەو کاتە جێبەجێ دەکرێت کە بەهێزو کاریگەر بوون ڕێکخراوی گولەن چۆن کار دەکەن ؟ئایدۆلۆژی بلاو دەکەنەوە سەرەتا هەر ڕێکخراوێک و گروپ و

هێزێک چەندین ڕێگا بەکار دێنێت بۆ بلاو کردنەوەو فراوان بوون و وە پەرەپێدان هەروەها ئاشنا کردنی خەلک بەگروپەکەیان یان هەر شتێکی تر ئیدی گولەنیەکانیش ڕێکخراوێکن کەواتە ئەوانیش ڕێگاو ئامرازیان هەبووەو هەیە کە بەکاریان هێناوە و بەکاری دەهێنن جا ئەو ڕێگایانەو ئەو ئامرازانەی ئەوان بەکاریان هێناوە گەلێکن چ لەبەشە ناوخۆییەکانی ئەوان سەرپەرشتی دەکەن چ مزگەوت و زانکۆ و شوێنانی تر و ڕێگاکانی تر پاشانیش کە شتێک زۆر جێگای کاریگەری هەبێت بەپلەی یەکەم ڕاگەیاندنە ئەوان ئەوەیان بەکار هێناوە دواتر ئەوانی تر لەشوێنانی تر جا ئەو بەکارهێنانەش لەڕێگەی ئەندام و لایەنگرو شوێنکەوتوانی خۆیان بووە هەر لەو ڕێگەیەوە چەندان کەسیان بۆ بزاڤەکە هێناوە ئیجا بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەوە لێرەدا نموونەیەک دەهێنمەوە کە خۆیان وایان کردووەو سودیان لەم ڕێگایە وەرگرتووە ئەویش ئەوەیە کە مامۆستایەک هەیەو هەبووە لایەنگری ئەوانە یان فێرخوازێک یان هەر پیشەیەکی تر کە ڕاسپێدرابێت بۆ ئەو کارە ئەوا ئەوان ئەرکی ئەوەیان هەبووە بەم ڕێگایەی ئێستا باسی دەکەم خەلک بۆ خۆیان و گروپەکەیان پەیدا بکەن هەروەها کتێب و ووتەو قسەکانی گولەنیان پێ ئاشنا بکەن گومانیش لەوە دانیە ئەمە بڕە بڕە و هێواش هێواش بووە یانی کاتێکی زۆر بەس لەو کاتەدا بۆی بچێتە پێش ئینجا لێرەدا دەچینەسەر ئەو نموونەیەی باسی دەکەین و کە چۆن و بەچ شێوەیەک وا دەکەن لێرەشدا نموونەی فێرخوازێک دەهێنینەوە کە ئەوان وایان کردووەو ئاوا بۆی چوون ئیدی کە سەرەتا بەفێرخوازێکی هاوڕێی خۆی دەلێت مامۆستا و هاوڕێی زیرەکمان هەیە دەتوانێت بۆ زانست و زانیاری و فێر کردن هاوکارو هاوپشتت بێت هەروەها ببێتە هۆکارێک بۆ ئاست بەرزی و پێشکەوتن وزیرەکی تۆ ئینجا

دوای ئەوەی ئەو کەسە دەچێت لای ئەو کەسانە دەخوێنێت بەو شێوەیەی کە ئەو کەسە پێی دەڵێن و ڕێنمایی و یاساکان بەو شێوەیە جێ بەجێ بکەن و ئەرکی خۆشت بەچاکی و باشی بەجێ بگەیەنە ئیدی ئەو کەسە ماوەیەک دەچێتە لایان بۆ ئەوەی ئاستی بەرز بکەنەوە ئینجا پاش ئەوەی ماوەیەک بەسەری دا دەڕوات یانی مەبەستم ئەوەیە ڕۆژانێکی زۆر دەچێت کە خۆیان دەست نیشانی دەکەن ئینجا پاش ئەوەش داوا دەکەن کە نوێژ بەکۆمەل بکەن و لەوێ ئەو کەسەی وەک مامۆستا خۆی ناساندووەو دەست نیشان کراوە ئەو ووتارو قسەی تریان بۆ دەکات بەتایبەت ئاڕاستە کردن و پەروەردە کردن لەسەر ئایدۆلۆژیای گولەنی و هەندێکیش ووتەو قسەکانی گولەن لەناو ووتارەکان و قسەکانیان دا دەهێننەوە بۆ ئەوەی بچێتە ژێر کاریگەری گولەن وگروپەکەی جا بەشێوەیەکی واش باسی بۆ دەکەن کە تەئسیرو کاریگەری لەسەری جێ بهێلێت هەروەها کتێبەکانی گولەنی پێ ئاشنا دەکەن وپێشی دەبەخشن وەک دیاری دەیدەنێ جا هەر لەکۆبوونەوەکە باسی ئەوەشیان بۆ ئەو کەسانە کردووە کە لایان دەخوێنن گوایە گولەن یەکێکە لەو کەسانەی پەیامبەری ئیسلام وتوویەتی سەد سال جارێک زانایەک بەدیار دەکەوێت جا ئەوان وتوویانە گولەن یەکێکە لەو زانایانە ئیدی گولەنیەکان سودیان لەو قسەیەش وەرگرتووە بۆ بەرژەوەندی و مەبەستی خۆیان بەکاریان هێناوە ئەوان وتوویانە چواردە زانا دێن سێزدەهەمین مامۆستا سەعید نەوڕەسیە چواردەمین و کۆتایش گولەنە ! ئامانج لەو جۆرە قسەیە هەیە کە دەڵێن ناوی نەوڕەسی دەهێنن ئەوە بۆ ئەوەیە کە کورد بۆ لای خۆیان ڕاکێشن بەتایبەت ئەوانەی ئیسلامین و کەوتونەتە ژێر کاریگەری سەعید نەوڕەسی هەروەها ئامانج لەوەی کە دەڵێن گولەن زانای کۆتایی و چواردەهەمینە ئەوا لەوەش مەبەستی

ڕوونیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە پاش ئەو زانای تر ناییێت ئەو کۆتاییە دووەم ئامانجیش وا بکەن کە پاش مردنی گولەن هەر لەسەر ئەو ڕێبازو ئایدۆلۆژیایەی ئەو بمێنەوە نەچنە لای هیچ ڕێبازو گروپی تر هەروەک چۆن پەیامبەری ئیسلام وتوویەتی من کۆتا پێخەمبەرم و پاش من هیچی تر نایێت گولەنیش ئەو شێوازو بۆچوونەی بەجۆرێکی تر بۆ خۆی بەشێوەیەکی تر بەکار هێناوە و دایڕێشتووە هەروەها ئەو کەسانەی بەپلان و بەرنامەی بۆ درێژراو کار دەکەن و تاک لەو مال و شوێنانەی تر پەروەردە دەکەن ئەوا ئەوان هەر یەکەیان چەندین ناویان هەیە بۆ نموونە لەمالێک ناوی ئەحمەدە لە مال و شوێنێکی تر ناوی محەمەدە ئیدی کە ماوەیەک لەمالێک کۆمەلێک کەس پەروەردە دەکات مالی خۆیان یان بلێم شوێنی خۆیان لەو شوێنە بۆ شوێنی تر دەگوازنەوە ناوەکانیش کە لە خۆیان دەنێن تەنیا لەمالەکان نیە بەلکو لە تەلەفۆن و شێوازی تریشە هەروەها کارێکی تریش لای ئەوان هەیە واستەو واستەکاری بۆ لایەنگرو شوێنکەوتوانیان دەکەن ئەمەش بۆ ئەوەی لە شوێنان وەربگرین و پلەیان بەشێوەی نایاسایی بەرز بکرێتەوە و بۆ نموونە کەسێک دەیەوێ ببێتە مامۆستا ئەوان پێیان دەلێن تۆ ببە ئەفسەر ئینجا ئەویش دەچێتە کۆلیژ لەوێ ئەوان مرۆڤی خۆیان و دۆستی خۆیان هەیە کە هاوکاری ئەو کەسە بکەن بە تایبەت لەڕووی تاقیکردنەوەی و پرسیارەکانیان بۆ دەهێنن پێشی دەلێن هەمووی بەڕاست وەلام مەدەوە ئەوەش بۆ ئەوەی کەس گومانیان لێ نەکات هەر بەو جۆرەش وا دەکەن تا بگەن بەهەموو پلەو پایەیەک بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بێنن

# هاوپەیمانی و پەیوەندی لەگەل ئەردۆگان

لەسەرەتا دا دەمەوێ ئەوە بلێم هاوپەیمانی و پەیوەندی دروست کردن لەنێوان دوو گروپ ئەوا هەر یەکەیان ئامانج و ویست ومەبەستیان لەمە هەیە و ئەمەش لە پشت و ژێرەوە خۆی حەشارداوە جا زۆرێک لە گروپە ئیسلامیەکان سودیان لەو جۆرە بینیەوە تاوەکو گەشە دەکەن و فراوان دەبنن کە فراوان و بەهێزیش بوون ئەوا رێکاری تر دەگرنە بەر ئەمەش وەکو ئەردۆخان و گولەن هەروەک دەزانین ئەردۆخان سەرۆک و دامەزرێنەری ئاک پارتیە پارتێکی ئیسلامی بەبەرگی تورکیە ئەو پیاوە هەر لە سەرەتاوە سودی لە هەموو جۆرە رێکارێک و پلانێک وەرگرتووە بۆ ئەوەی خۆی بەهێز بکات پاش بەهێز بوونی ئەو کات بە بیانوویەک لێی پاشگەز ببێتەوە و ڕێکەوتنە کە هەلبوەشێنێتەوە ئەگەر سەرنج بدەین ئەردۆخان و گولەن سالانی دوو هەزار تا دوو هەزارو یانزە هاوپەیمانی یەکتر بوون هەروەک باسیشمان کرد کە هەر یەکەیان ئامانج و بەرژەوەندی خۆیان هەبوو وە لەیەکتریش جیا بوو جا لێرەدا ئامانجی ئەردۆخان باس دەکەین و دواتر دەچنە سەر گولەن ئەردۆخان لەم ڕێگەیەوە دەیویست دەست بەسەر پۆلیس و سوپا دا بگرێت و کۆنترۆلی ئەو بوارە دا بکات بێگومان بۆ ئەمەش گولەن و گولەنیەکان لەگەلی کاریان بۆ ئەوە دەکرد هەروەها ئامانجی تری ئەردۆخان ئەوە بوو کە تا بەهێز و پتەو دەبێت ئەوجا لێی دوور دەکەوێتەوە هەرواشی کرد پاشان سەبارەت بە ئامانجی گولەنیش ئەوە بوو کە بەهۆی ئەو هاوپەیمانەتیە بتوانێ بەشێوەی جدی کار لەناو کۆمەلگا دا بکات وخەلک لەسەر ئەو شێوازە ئایدۆلۆژیایە پەروەردە بکات کە خۆی دەیەوێ بەڕای من دەیویست هەمان سیناریۆری محەمەدی کوڕی وەهاب و بنەمالەی سعود لەتورکیادا دووبارە بکاتەوە کە سیاسەت بۆ

ئەردۆخان و کۆمەلگە پەروەردە کردنیش بۆ گولەنیەکان بێت هەروەها لەپڕێکدا پەیوەندی ئەوانە تێک چوو ئەمەش بۆ ئەوە ئەوە دەگەرێتەوە کە ئەردۆخان هەستی بەمەترسی گولەن کردووەو دووەمیش چونکە ئەردۆخان بەهێز بوو بۆیە ئەو دوو خالە وای کرووە کە لەیەکتری دوور بکەونەوە.

## گولەن و پرسی کورد

کاتێک دێینە سەر باسی کوردو مافەکانی ئەوا دوژمن و داگیرکەرانی کورد هەموو کات دژی بوونەوەو بەهیچ شوەیەک دانیان بەمافەکانی نەناوە تەنیا ماوە ماوەگوایە مافەکانی کورد دەدەن بەلام لەمەشدا هەرخەریکی پیلان و کات بەفیڕۆ دان بوونە هەلوێستی ڕاستەقینەی گولەن لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەو کاتەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا لەنێوان کورد و تورک دەست پێدەکات ئەوا گولەن ئەم پرۆسەیە بەرێکەوتنی قورەیشەکان و موسلمانەکان دەشوبهێنێت و دژی دەبێت و لەگەلی نابێت ودانیشی پێدا نانێت ئەمەش بۆ ئەوە باس دەکەم کە گولەنیەکان وا نیشان و پیشانی خەلک دەدەن کە ئەوان لەگەل ئاشتی وئازادی و یەکسانین بەلام چەواشەکارانەیەو ناڕاستە بەلگەش م بۆ ئەمە ئەوەیە ئەگەر وایە بۆچی دژی پرۆسەی ئاشتی کوردو تورک بوون؟!

# ئیخوان موسلمین
# کورتیەک لەژیانی حەسەن بەننا

حەسەن بەننا لە سالی 1906 لەشارۆچکەی مەحمودییە لە خێزانێکی دیندارو هەژار لەدایک بووە باوکی حەسەن بەننا پیاوێکی ئاینی بوو خوێندنی حەسەن بەنناهەر لە شارۆچکەی تەواو کردووە دواتر بۆ مامۆستایەتی هاتۆتە شارو لەناو شوێن و گەڕەکەکانی شار دا دەگەڕا بەتایبەت لە چابخانەو چایەخانە ئینجا هەر لەم شوێنانە قسەی ئاینی بۆ خەلک دەکردو یانی جگە لە پیشەکەی کە مامۆستایی بووە پاش دەوامیش لە شوێنان ووتاروگفتوگۆی ئاینی کردووە دەلێن سیفەتێکی سەیری هەبووە ئەویش توانای سەیر بوونیەتی بۆ ووتار دان

## مێژووی دروست بوونی ئیخوان

کۆمەل و گروپی ئیخوان لە سالی 1928 زاینی لەمیسر لەسەردەست و بە سەرۆکایەتی حەسەن بەننا دامەزرا جگە لەو چەندین کەسی لەگەل بووە و ئەتوانین بلێین شەش کەس بوونە و هۆکاری دامەزراندنی گوایە بەهۆی نەمانی عوسمانیە تورکەکان بووە پێی وابووە بەهۆی نەمانی عوسمانیەکان ئومەتی ئیسلام کەوتۆتە ژێر نەهامەتی و ناخۆشی هەروەک ووتمان شەش کەس لەگەلی دابوونە و لە هەندێک سەرچاوە دەلێن پیشەیان بەم شێوەیە بوو کە یەکێک دارتاشێک یەکێکی تر ئوتوچیەک یەکێکی تر سەرتاشێک و

شوفێرێک و باخەوانێک لەگەڵ فیتەرێک بوونە بەڵام لە سەرچاوەی تر دەڵێت هەر هەریەکەیان دەرچووی کۆلیژێک بوونە ئەویش بەوجۆرە یەکێک کۆلیژی بازرگانی یەکێک یاسا ئەوانی تریش کشتوکاڵ و پزیشکی و ئاداب و زانستەکان بووە جا لێرەدا من پێم وایە هەردوو لا ڕاستن ئەمەش چۆن؟ ئەویش ئەوەیە کە هەر یەکەیان پیشەیەکیان هەبووە جگە لەوەی کە فێرخواز بوونە لەکۆلیژ لێرە پێم وایە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو کەسانە بە پیشەو شارەزای جیاوازەوە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە بتوانێت لەزۆر بەی بوارەکان کەسی شارەزای لەگەڵ بێت وەک ئەوەی بناخەیەک دابنێت و هەر یەکەیان لەبواری خۆی خەلک بۆ گروپەکە کۆبکاتەوە و وە پەروەردەیان بکات چۆن کاریان کردووە لەسەرەتا دەتوانم بلێم هەر گروپ و ڕێکخراوێک یان هەر جۆرە کارێکی تر چەندین ڕێگەو ئامراز بەکار دێنێت بۆ ئەوەی لەرێگە ئەو ئامرازانە ئەو ئامانجەیی کە دەیانەوێ بیهێننە دی جا ئەو ئامرازانەش دەست نیشان دەکەن کە بتوانێت کاریگەری هەبێت و مەرام و مەبەستەکانان بێنێتە دی ئینجا گروپی ئیخوان وەکو هەموو گروپ و ڕێکخراوەکان چەندین بواریان وەک ئامراز بەکار هێناوە ئەوانیش:-

- یەکەم مزگەوت
- دووەم چاپخانە
- سێیەم گۆڤارو ڕۆژنامە
- چوارەم ڕێکخراوی خێر خوازی
- پێنجەم یانەی وەرزشی
- شەشەم کشتوکاڵ
- حەوتەم حەج

- هەشتەم ڕەوانە کردنی کەسانی سەر بە گروپەکەیان بۆ وولاتان یان ڕەوانە کردنی گۆڤارو ڕۆژنامەی تایبەت بە بلاو کردنەوەی ئایدۆلۆژیاکەیان و هەروەها بلاو کردنەوەی ئایدۆلۆژیاکە لە وولاتان کاتێک ئەوانە ئەو جۆرە ڕێگایانە بەکار دێنن مەبەستی بلاو کردن و فراوان کردنی گروپەکەیانە یانی لە کە خێر خوازی دەکەن مەبەستیان ئەوەیە کە بەوەو ڕێگای تر خەلک کۆبکەنەوە و بۆ خۆیان ڕاکێشن دواتر ئەوان کە یانەی وەرزشی دەکەنەوە هەم بۆ سەرچاوەی دارایی هەم ئاشنا کردنی خەلک و یاریزانان بەبیرو بۆچوونی خۆیان ئەوانە لەناو بارەگای وەرزشی کتێبخانەیان کردۆتەوە بێگومان کتێبەکان لە چوار چێوەی بیرو باوەڕی خۆیان بووە ئەمەش هەروەک ووتم بۆ ئەوەیە بیان خستنە ژێر کاریگەری خۆیان و ڕاکێشانیانە بۆ ئەو جۆرە فکرو بیرو باوەڕە.

# بەشی دووەم
# چۆن کاریگەری لەسەر خەلک دەیت

لەسەرەتا دا هیچ وولاتێک لەدونیا دا نیە حەز بەپێشکەوتنی وولاتانی تر بکات بەتایبەتی وولاتە ڕکابەرەکان و دوژمنەکانیان ئەوان هەموو دام و دەزگا حکومیەکان بەتایبەت ئەوانەی وەک زانکۆو، هتد ، هی وولاتان بەتایبەت دراوسێکانیان بەخراپ لەقەلەم دەدەن وانیشانی دەدەن ئەمەش بۆ ئەوەی هی خۆیان جوان دەرکەوێت چونکە ئاستی لە هی خۆمالی باشترو بەرز ترە و هەر ئەمەش هۆکارێکە وا دەکات کە کاریگەری لەسەر خەلکی ناو کۆمەلگا بکات بێگومان خەلکیش ئەو شتانەی خۆی لە پێش چاو خراپ و ئاست نزم پیشان دا بێت ئەوا ئەو خەلکە سود لە هی ئاست بەرز دەبینێت ئەمەش هەر پیلانی ئەو زانکۆو قوتابخانە بیانیەکانە چونکە ئامانجی یەکەمی ئەوانە خستنە ژێر کاریگەری خۆیانە نەک شتی تر ئەمەش چۆن کاتێک کەسێک کە فێرخوازە ناچێتە قوتابخانەو زانکۆی خۆمالی ئەو دەچێتە ئەو شتانەی هی ئیسلامیەکان چ گولەنییان هەر یەک لەو ئیسلامیانە کە ئەو شتانەیان لە وولاتان کردۆتەوە و ئەوانیش بێگومان ویست و مەبەستیان هەیە بۆ کردنەوەی ئەو قوتابخانە و زانکۆو هتد لە وولاتان ئەتواانین بلێین ئامانجی یەکەم ئابورییە دووەمیش خستنە ژێر کاریگەری بیرو هزری خۆیان نموونەش بۆ ئەوە زۆرە پاشان کە ئەو کەسانە لەو جێگایانە زۆر دەچن دواتر وای لێدێت چۆنیان بوێت کۆمەلگا ئاڕاستە دەکەن چونکە زۆر لەوان هەر لەژێر کاریگەری ئەوان و چۆنیشیان بدوێت کۆمەلگا ئاڕاستە بکەن دەیکەن چونکە ئەوان ئەو شتانەیان کۆنترۆل کردووە.

## سەرکردە ئیسلامیەکان

گولەن یان هەر سەرکردەیەکی ئیسلامی کە توانیان تاک لەسەر بیرو باوەڕی خۆیان پەروەردە بکەن و بۆ خۆیان ڕاکێشن دوای ئەمە سەرکردەکەی هەرچی ویست و ووت لەسەر ڕێگاو ڕێچکەی ئەوان دا دەڕۆن ئەمەش چونکە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەوان و پەروەردە کراون لەژێر دەستی ئەوان ئینجا بۆ ئەمەش سەرەتا بۆ پەروەردە کردن لەسەر ئایدۆلۆژیاکە بیرو باوەڕەکە بەشێوەو ڕێگای نەرم نەرم لەگەڵی دەبن تاوەکو لەمێشک و دەروونی جێگیر دەبێت تا لەمە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەوان و دەستی ئەوان پاشان کاتێک سەرکردەکەیان هەر شتێک بکەن ئەوا هەر لەگەڵی دەبن و لەگەڵی دان چونکە شوێنکەوتووی ئەوو پەروەردە کراوی هزرو بیری دەستی ئەون پاشان ووتەو قسەی ئەو بەهەقیقەتی ڕەها دەزانن ئینجا ئەمەش هەر بەردەوام دەبێت و ئەگەر سەرکردەکە بمرێت و کەسێکی تر هاتە جێگای ئەوا ئەویش دەتوانێ بەناوی سەرکردەکە هەر چی بلێت لەگەڵی دەبن و پشتیوانی ئەو دەبن ئەمەش بۆ وولاتانی تر باش نیە کە ئەو لق و گروپانە لە وولاتانی تر خەریکی خستنە ژێر کاریگەری خەلکی ئەو وولاتانەن.

**سێیەم** بلاو کردنەوەی فەرهەنگ و ئایدۆلۆژیا لەڕێگەی دراماکان.

**چوارەم** بێ نرخ کردن و خراپ پیشان دانی بەها پیرۆزەکانی وولاتان وەک خاک و ئالاو هێزە چەکدارەکان.

**پینجەم** چۆن لەوولاتان شوێنی خۆیان دەکەنەوە هەر شتێک ئاستی خراپ بێت ئەوا پێویستە زوو چاک بکرێتەوە جا ئەو چاکردنەش پێویستە کەسانی خۆمالی بێت و بیکەن و ئەرکی ئەوانیشە وا بکەن کاتێک ئەوان ئەو کارەیان نەکرد ئیدی کەسانی تر دێن و شتێک وەک ئەو لەو باشتر دێننە ئاراوە و

پەرەپیێدەدەن واش دەکەن کە هی ئەوان لە ئاست شتی ئەو وولاتە باشتر بێت! بۆ ئەوەی تێگەیشتنی ئاسان و سانا بێت دەمەوێ نموونەیەک یان چەند نموونەیەکی بهێنمەوە کە ئاستی خراپ بێت

یەکەم پەروەردە لە ئاست خۆی دانەبووە یان هەر شتێک پەیوەست بێت بەمەوە ئەمە وا دەکات کە ئەوانە بێن و قوتابخانە بکەنەوە یان زانکۆکان و پەیمانگا پاشان دێن هی خۆمالی ناشرین و بەخراپ پیشان دەدەن و هی خۆشیان جوان و باش جا بۆ ئەمە چەندین ڕێگا بەکاردێنن یەکەم ڕێکلامی میدیایی و بەراورد کردن لەنێوان هەردوو لا هەر لەناو ئەو ڕێکلامە باسی یاساو ڕێساکانی ناو هەردووکیان دەکەن لەگەل هەلسوکەوت و پێداویستەکانی ئەو دووە یان ڕێگایەکی تریش بەکار دێنن کە ئەویش ئەوەیە ئەوان بەخەلکی خۆیان خەلکی ناو کۆمەلگا ئاڕاستە دەکەن بۆ ئەو بۆچوونە کە کە دەلێن هی ئەو زانکۆو قوتابخانانە لە هی خۆمالی باشترە ! پاشان کاتێک لەمە سەرکەوتوو بوون ئەوا ئەتوانن ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لەناو زانکۆو پەیمانگای خۆی چۆنی بیەوێ پەرەی پێبداو لەو کۆمەلگایەش جێی خۆی بکاتەوە پاشان لەهەندێ وولات هەیە کوڕە بەرپرس و کچە بەرپرس دەنێرێتە ئەو قوتابخانەو زانکۆو پەیمانگایانەی ئیسلامیە سیاسیەکان ئەوەش وەکو ئەوانی تری لێدێت و دەبێتە یەکێک لەوان کە ئەو کەسە بووە یەکێک لەوان ئەوا دەتوانرێت هاوکاری لەو کەسە وەر بگرن بۆ ئەو شتانەی ئەو ئایدۆلۆژیا مەبەستیەتی و هەر لەگەل ئەمەشدا میدیاو کلتور و فەرهەنگیش ناشرین دەکەن وا دەکەن خەلک لەوانە دوور بکەوێتەوە و سەیری میدیاو شتی ئەوان بکات تا وای لدێت لەڕووی کلتورو فەرهەنگ و زمانیشەوە پەیڕەوی ئەوان بکات بێگومان کاریگەری ئەوەش بەماوەیە حەوتەم :ئەو ڕێگایانەی تر چین

که ئەوان بەکاری دێنن یەکەم لەحەج دووەم زانکۆو پەیمانگاکان بەتایبەت هی میسرو سودان وسهودیەو تورکیاو ئێران سێیەم بەهۆی ناردنی نامیلکەو کتێب و گۆڤارەکان بۆ ئەو جێگاو شوێنە کە مەبەستیانە جا کۆمەلگە بێت یان زانکۆو پەیمانگای وولاتانی خۆیان یان کردنەوەی لەوولاتان هەروەها لەحەج کردن و شوێنانی تر ئەوانە کە لەڕێگەی یەکەم سەرکەوتوو بوون ئەوا ڕێگای دووەم ئەو کەسانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو ئایدۆلۆژیانە وەک ئیخوانی گولەنی وەهابیەت و ئەوانی تر ئەوا ئەو بەفکری نوێ دێتەوە وولات پاش ئەمە ئەو فکرو بیرو باوەڕە یان بلێین ئەو ئایدۆلۆژیایە بۆ کەسانی تر باس دەکەن و پێیان ئاشنا دەکەن ئیدی بەجۆرێکیش باسی بۆ دەکەن کە کاریگەری لەسەری هەبێت پاش ئەمەش دواتر ئەگەر هاتوو لەو وولاتەی ئەوانی لێیە خۆیان لەوانی تر جیا دەکەنەوە ئەمەش بەکۆمەلێک ووتەو دروشم ئەو دروشم و ووتانەش بۆ ئەوەی خۆیان جیابکەنەوە لەوانی ترهەروەها خۆشیان لەسەر ئەو خەلکەی خۆیان زال بکەن کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەوان جا بۆ ئەمە ئەتوانین چەندین گروپ و لقی ئیسلامی بهێنینەوە کە کۆمەلێک دروشمیان هەیە هەمووشی باشە تا ئەو کاتەی دەسەلات وەردەگرن کە دەسەلاتیشیان وەرگرت ئەوا ڕێک دەبێتە ڕووی تریان

# بەشی سێیەم
# یەکەم چۆن ڕێگە لەم داگیرکارییە بکەین ؟

ئەگەر سەیری وولاتانی دەورو بەری خۆمان بکەین لەگەل وولاتانی تر ئەوا هەر یەک لەو وولاتانە توانیویانە مەزهەبێت یان لقێک یان مەزهەبێک لە وولاتەکانیان دامەزرێنن و بیکەن بەبناخە بۆ مەزهەبەکەیان و ئەو پەیڕەو پڕۆگرامەی لەسەری دەڕۆن بۆ خزمەت بەنەتەوەو خاکی خۆیان بەکاری بێنن بۆ سودگەیاندن بە خۆیان بەکاری بهێنن واش تەفسیرو لێکدانەوەیان بۆ دەقەکان کردووە لەگەل بەرژەوەندی خۆیان و خاکەکەیان بێتەوە ئینجا ئەو تەفسرو شیکردنەوانەش کەسانێک کردوویانەکەلە نەتەوەی خۆیان بووە بۆ خزمەت کردن بەخۆیان بەکاریان هێناوە دوای ئەوەی ئەو کارەیان کردووە بۆ ئامانجەکانیان ئەوا بەرەو دەرەوەش شێوەیە ک لە شێوەکان نێردراوە ئێمەش وەک نەتەوەی کورد بووینەتە قوربانی ئەو وولاتانە نموونەی ئەو وولاتانەش ئیخوان لەمیسرو تورکیا شیعە لەئێران وەهابیەت و سەلەفیەت لە سعودییە هەر ئەوەک چۆن ئەوان بناخەیان لە وولاتەکانی خۆیانە مەزهەب و لق وگروپەکەکانیان هەندێک جیاوازی دیارو زەقیان لەگەل یەکتری هەیە ئاواش پێویستە ئێمە ئایدۆلۆژیایەک بە بەرگی کوردی دروست بکەین هەروەها حزبی ئیسلامی کوردیمان هەبێت ئەوا بکەینە هی خۆمان و بناخەی لە وولاتی خۆمان دابنێین پاشان هەروەک ووتم جۆرێک بێت جیاواز لەوان و جیاوازی زەق و دیار مەبەستمە دوای ئەمەش شیکردنەوەو ڕاڤەکردن بۆ دەقەکان بەروحێکی کوردانە بۆ دەقەکان بکەین پاشاان ئێمە ئەتوانین هێزی

ئیسلامیمان هەبێت بە مەرجێک لەسەر ئەو ئایدۆلۆژیا بێت کە بناخەی لە کوردستانە نەک یەکێک سەر بەئیخوان بێت

یان سەر بەهەر ئایدۆلۆژیەکی تری بێگانە بێت چونکە ئەگەر بناخەی لێرە نەبێت و بەبەرگی کوردی نەبێت ئەوا ئەوانەی سەر بەو ئایدۆلۆژیایانە دەکەونە ژێر کاریگەری ئەوان نەک ئەوان بکەونە ژێر کاریگەری لقەکانیان لە وولاتان چونکە بناخە لە وولاتەکەیە نەک لێرە ئینجا ئەگەر هاتوو بناخەی دروست کردنی هێزی ئیسلامی لێرە بوو ئەوا وەکو ئەوانیش ئەتوانین ڕەوانەی دەرەوەی وولاتی خۆمان بکەین ئەمەش بەچەند ڕێگای واپاش ئەوەش مەبەستمە بلێم ئەگەر بناخەی لێرەبوو دوای ئەوە چەندین هێزی ئیسلامیش هەبێت کێشە ابێت بەلام وەکو ئێستا کێشەیە چونکە ئەوان یەکەم لقانێکن سەر بەو مەزهەب و گروپانە دووەمیش ئایدۆلۆژیا و بیر و باوەڕیان پێش خاک و نەتەوە دەخەن بۆ ئەمەش نموونە زۆرە!! زانکۆو پەیمانگا ئیسلامیەکان ئەوان یەکێک لەو ڕێگایانە کە بەکاری دێنن ئەو زانکۆ و پەیمانگایانەی وولاتی خۆیانە ئەمەش چۆن؟ کاتێک چەندین کەسی شارەزا لە بواری ئایدۆلۆژیایەکەیان چەندین کتێب دەنووسن و ڕەوانەی زانکۆ و پەیمانگا ئیسلامیەکانی خۆیان دەکەن و وەک مەنهەج دایدەنێن پاشان ئەو فێرخوازانەی ئەو بوارە بەهۆی ئەمەوە دەکەونە ژێر کاریگەری ئەوان بۆیە پێویستە ئێمەش وەک ئەوان بین و وەک ئەوان بکەین یەکەم چەندین کەسی شارەزا وا بکەن کە چەندین کتێب بنوسن و وەک مەنهەج لەو زانکۆو پەیمانگا ئیسلامیانەی خۆمان بخوێندرێت پاشان ئەو کەسە شارەزایانە خەلکی تر لەسەر ئەمە پەروەردە کەن هەروەها لەڕێگەی تر بەتایبەت ڕاگەیاندن و گۆڤارو ڕۆژنامە پەرە بەو ئایدۆلۆژیایە بدەن و پاشان لەڕێگەی کورتە فلیم و

دراماکان  یان هەر ڕێگایەکی تر پێویستیشە وا بکەن کە لەمزگەوت و تەکیەو خانەقاکان بەکاری بێنن و کاری پێ بکەن هەروەک ووتیشم دەتوانین حزبێکیش دروست بکەین کە لەسەر ئەو ڕێچکەو ڕێبازە دا بڕوات  کە دروستی دەکەن  ئەمەش هی خۆمانە چونکە بناخەی دروست کردنی لێرەیە سەرکردە کوردە ئیسلامیەکان هەلەبوون دوای سەرهەلدانی شیعەو سونە لەگەل گروپ و ڕێکخراو و لقەکان  هەروەک دەزانین ئەو دوو مەزهەبە ململانێیەکی توندو خوێناویان لەنێوان ئەمانە سەری هەلدا لەنێوەندەشدا کوردیش پڕیشکی ئاگری بەرکەوت و خزمەتی بە ئەوانە کرد کە ئاینیان کردبووە ئامرازێک بۆ بەرژەوەندی سودی نەتەوەی خۆیان و دەولەت و فراوان خوازی خۆیان ئەگەر بێت و سەیرێکی مێژوو بکەین کە ململانێ ی سەفەوی و عوسمانیەکان کە نەتەوەی تورک و فارس بەبەرگی دینی وئاینی شەڕیان کردووە و کوردیش لەوە دابەش بووە بەسەر دوو بەرەدا خزمەتی بەوانە کردووە و قوربانیشی داوە کوردەکان نەیانتوانیوە یان بیریشیان لەڕۆژێک وا نەکردۆتەوە ئەمەش هەم لەسەردەمی ئەوان و سەردەمانی پاش ئەوانیش مەبەستم تا دەگاتە سلاحەدین و ئەحمەدی موفتی زادەو چەندانی تر کەچی میرنشینێکی تورک توانی سود لە ئاین وەر گرێت و هەموو میرنشینەکانی تر بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆی پاشان بەرەو دەرەوەش هەنگاو بهاوێژێت هەروەها شا ئیسماعیلی سەفەویش ئەویش توانی مەزهەبی شیعە بکاتە مەزهەبی ڕەسمی ئێران بەلام کورد لەو نێوەندە دا بووە قوربانی ئەگەر ئەوان وایان نەکردبێت و بیرێکی وایان نەکردبێتەوە پێویستە ئێمە وا بکەین و ئاین بەرگێکی کوردی لەبەر بکەین و کلتوری عەرەب فڕێ بدەین و لای بدەین پێویستە چی بکەین بۆ زانکۆ و پەیمانگا ئیسلامیەکانی وولات سەرەتا ئەو وولاتانەی ئایدۆلۆژیایەک یان

مەزهەب و لقێکیان دروست کردووە یان سودیان لێوەرگرتووە بۆ فراوان بوونی دەسەلات ئەو وولاتانە چەند کەسی پسپۆر شارەزا لەو بوارە چەندین کتێبیان نووسیوە ئەمەش یەکەم بۆ ئەوەی وەک مەنهەج لەزانکۆو پەیمانگا ئیسلامیەکانی خۆیان یان ئەو زانکۆو پەیمانگاو کۆلیژانە کە لە وولاتانی تر کردوویانەنەتەوە ئەو کتێبە ئایدۆلۆژیانە بخوێندرێت نموونەش بۆ ئەمە ئێران و تورکیاو سعودییەو سودان ئەوجا کاتێک کەسێک لە وولاتی ئێمە دەچێتە دەرەوە بۆ بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا ئەوا بچێتە کامە وولاتی بۆخوێندن کاریگەری ئەو وولاتەی و ئەو ئایدۆلۆژیاو فکرەی لەسەر دەبێت بۆ نموونە دەچێتە سودان ئەوا ئەو فکرەی پێ ئاشنا دەبێت دواتر کە لەخوێندن تەواو بوو دێتەوە وولات ئەویش لەڕێگەی خۆیەوە خەلکی پێ ئاشنا دەکات و باسیان بۆ دەکات بەهەمان شێوە زانکۆی وولاتانی تریش ئاوا دەکەونە ژێر تەئسیر و بیرو ڕای ئەوان جا یەکێک بچێتە ئێران هەر وا دەبێت یان تورکیاو سعودییە و ولاتانی تر بۆیە پێویستە ئێمەش هەروەکو ئەوان بکەین و لەزانکۆ و پەیمانگاکانمن ماستەرو دکتۆراش بۆ ئەو بوارە لەسەر ئەو ئایدۆلۆژیایەی بنیاتی دەنێین بکەینەوە لەکۆتایدا لێ نەگەڕێین ئەوان بۆ ماستەر و دکتۆرا بچنە وولاتانی تر چونکە لە ڕووی ئایدۆلۆژی دەبێتەکەسێک لەوان جگە لەوەش کە ئەو کەسە لەڕێگەی خۆی بانگەشە بۆ ئەو فکرە دەکات بەمولک زانی سەرکردەکانمان ئیسلامی یان سێکۆلار هەر وولاتێک لەڕۆژهەلاتی ناوین و شوێنانی تر چەندین سەرکردەو ڕابەریان هەیەو هەبووە یەکێک لەو وولاتانەش کوردستانە ئەگەر سەرنج بدەین ئەو وولاتانە ئەو سەرکردەو ڕابەرو پێشەوایانەی خۆیان بەمولکی خۆیان دەزانن و ڕێزیشی لێ دەگرن بۆ ئەمە بەتایبەت ئێران و تورکیا ئەو دوولاتە یان هەندێک لە وولاتی تریش جگە

لەوەی هی خۆیان و نەتەوەی خۆیان بەمولکی خۆیان دەزانن و پیرۆژیشن لەلایان ئەوان هی نەتەوەی تر و ووڵاتانی تر بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهێنن بۆیە وا پێویست دەکات کە ئێمەش ئەو سەرکردانە بەهەموورەنگەکانەوەبەمولکی خۆمان بزانین لەنەتەوەی ترو گروپ و لقی ئیسلامی ووڵاتان بسەنینەوە ئینجا ئەو سەرکردانەی ئەوان زۆر بەکاری دێنن وەکو سەعد نەورەسی و سلاحەدینی ئەیوبی و چەندانی تر ئەوان ئەوە بۆ ئەوە بەکاردێنن کە لەرێگەی ئەوانە شوێن کەوت و هاوسۆزی ئەوان بۆ خۆیان ڕاکێشن ئەمەش بۆ سودو مەرامی و ویستی خۆیان بەکاریان بهێنن هەر ئەوەش هۆیەک بووە کە ئەوان هەندێک لایەنگری کوردیان بۆ خۆیان بەدەست هێناوە بەتایبەت کوردە ئیسلامیەکان.

## بەرز کردنەوەی ئاستی قوتابخانەو زانکۆ و پەیمانگاکان

زانکۆ یەکێکە لە دامەزراوەکان بۆ پێگەیاندنی تاکی ئەکادیمی و تەندروست لەسەر ئەو

ڕێچکەیەی کە ئەو زانکۆیە لەسەری دەڕوا ئەو کەسانەی لەو زانکۆیە و ئەو بەشەی دەیخوێنێت کاریگەری لەسەری دەبێت و بەوشێوەی چی لێ فێر دەبن ئاوا کۆمەڵگەو تاکەکانی ناو کۆمەڵگا ئاراستە دەکەن یان ئەگەر ئاراستەش نەکەن ئەواخۆیان کاریگەریان لەسەردروست دەبێت جا هەیە ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکانی باش نیە بۆیە تاکی کۆمەڵگا ئەوانەی دەیانەوێ درێژە بە خوێندن بدەن لە زانکۆکان ئەوانە دەچنە ئەو زانکۆیانە ئاستیان بەرزە بۆیە وا پێویست دەکات هی ووڵاتی خۆمان و خۆمالیەکان چ حکومی یا خود ئەهلی بەرز بکەینەوە بۆ ئەوەی زانکۆو پەیمانگاو قوتابخانەی ئیسلامی بیانی سود

لەو تاکانە وەرنەگرن و نەیانخەنە ژێر کاریگەری خۆیان چونکە ئەوان کاتێک زانکۆ دەکەنەوە کە ئاستی خوێندن بەگشتی لە وولاتەکان لەنزمی بێت بۆیەش لەسەر ئەو وولاتانە شوێن کەوت و کەسانی ناو کۆمەلگای ئەو وولاتانە زانکۆ دەکەنەوە چونکە لەو وولاتانە ئاست نزمە دەتوانن شوێنی خۆیان بکەنەوە هەروەها ئامانج لە بلاوکردنەوەی لە وولاتانی خوێندنی تێدا لە ئاستیی نزمە یەکەم بۆ ئابورییە دوومیش کاریگەری خستنە سەر تاکەکان بۆ ئایدۆلۆژیایەکەیائەمەش هەم بەکتێب وبیرو بۆچوونیان چ بەشێوەی مەنهەج یان لەکتێبخانەی زانکۆکان یانی ئەوان ئەوە دەکەنە مەرج دەبێت لەکتێبخانە کتێب بخوێننەوە بێگومانیش کتێبی بیرو باوەڕی خۆیان و ئایدۆلۆزیەکەیان تێدایە بۆیە وا پێویست دەکات هی خۆمان و وولاتی خۆمان بەرز بکەینەوە هی بێگانەی ئیسلامی و وولاتە داگیرکەرەکان دابخەین و دەریان بکەین یان بیخەینە ژێر دەسەلاتی خۆمان و ئەو یاساو ڕێسایەیی ئەوانیش دایانناوە لایبدەین

## هۆشیار بوون لەکاتی حەج

حەج یەکێکە لەو پرۆسەو بنەماکانی ئاینی ئیسلام ئەوەی توانای هەبێت ئەنجامی دەدات و سالانە بۆ چوونی مەکەو مەدینە تاکی موسلمان ئەوانەی توانایان هەیە جارێک یان چەند جارێک بۆ ئەو شوێنە دەچن بێگومان جەجیش سالێک جارێکە ئەمەش وای کردووە گروپە ئیسلامیەکانی وولاتان چ توندڕەو یان میانڕەوەکان سود لەو ڕێگایەش دەبینن و خەلک بۆ خۆیان ڕادەکێشن ئینجا ئەوگروپانەش چەندین کەس دەنێرنە حەج بۆ ئەوکارە ئەوانە هەموو ڕێگایەکیش بەکار دێنن بەتایبەت بۆ ئەو خەلکانەش زیاتر بەتەنیان

یان ئەوانەی شارەزای ڕووی ڕاستەقینەی ئەوان نەبووە نازانێت ئەوان بۆ بەرژەوەندی سیاسی و نەتەوەیی و دارایی خۆیان خەلک بەکاردێنن ئەوجا هەیە لەکاتی حەج خۆیان لێ نزیک دەکەنەوە پاش چەند ڕۆژێک کە گفتوگۆ دەکەن پاش ئەمەش کتێبی ئایدۆلۆژی گروپەکەیان پێ ئاشنا دەکات یان پێی دەلێت پەیوەندیمان بەردەوام دەبێت بۆ ئەمەش پەیوەندی پێوە دەکەنەوە هەروەها لەکاتی گفتوگۆ و چاوپێکەوتنیان بەتاک وای بۆ باس دەکەن گوایە ئەوان ئیسلامی ڕاستەقنەن ئەوانی تر وانین و خراپ و هەلەیان هەیە ئەمەش بۆ هەموو گروپەکانی تر هەر ڕاستە وا دەکەن

لەم گروپانە بۆ نموونە وەهابیەت وا دەکات شیعەی سیاسی وا دەکا ئیخوانی تورکی و عەرەبی وا دەکەن یانی ئەگەر بێت لەگەل هەر یەک لەوانە بەجیا بدوێیت ئەوا هەر یەکەیان خۆیان بەڕاستی ڕەها و ئەوانی تر بەهەلە دەزانن بۆیە وا پێویست دەکات ئەوانەی دەچنە حەج ئاگاداری ئەو جۆرە کەسانە بن و وا نەکەن بۆ ویست و ەرامی خۆیان بەکارتان بهێنن بۆ ئەمەش بە پلەی یەکەم پێویستە ئەوەی سەرپەرشتی ئەو حاجیانەی وولات بکات کاری جیدیش بکەن بۆ ڕێگە گرتن لەمەو هەروەها هۆشیار کردنەوەی حاجیان لەم بابەتە و پێویستیشە بیزانن باش کردنی ئاستی فلیم و درامای کوردییەکێکیش لەو ئامرازانەی کە گروپە ئایدۆلۆژیە ئیسلامیەکان بەکاری دێنن ئەوا فلیم و درامایە لەو ڕێگەیەوە دەیانەوێ ئایدۆلۆژی و کلتورو فەرهەنگی خۆیان لە وولاتان بلاو بکەنەوە ئەوەش بەتایبەت ئەو وولاتانەی نزیک و دراوسێی ئەوانن و ئاستی درامایان نزمەو وولاتەکەیان دواکەوتووە بۆیە ئەوان دێن فلیم و دراماکان کە هی خۆیانە لەو وولاتە لەگەل فلیم و درامای تری ئەو وولاتە بەراورد دەکەن ئەمەش بۆ ئەوەی وا دەرکەوێت هی ئەوان باشترە و هی ئەو

وولاتە بەبەرنامەی بۆ دارێژراو بەسوک و ناشرین پیشانی دەدەن دواتر چونکە هی ئێمە لە ئاستی نزم دایەو ئەوانیش کاریان لەسەر بێ نرخ کردنی کردووە پاشان لەگەل جیهانی ئەمڕۆ دا یەک ناگرێتەوە و وە دواتر پێویستە ئێمە پەرە بە فلیم و درامای خۆمان بدەین و بیبەینە ئاستی بەرز هەروەها گرنگیش بەهونەرمەندی ئەو بوارەی خۆمان بدەین چونکە ئەوانیش دەتوانن ئاستی دراما بەرز بکەنەوەو کاریگەریشیان لەسەر کۆمەلگە دا هەبێت هەروەها وا بکەین کلتورو فەرهەنگی خۆمان پەرە پێبدەین لەڕێگەی فلیم و ڕێگاکانی تریش

## پێویستە چی تریش بکرێت ؟

ئەو ئایدۆلۆژیایەی ئیسلامی کە ئێمە بنیاتی دەنێین پێویستە هەر لەسەر ئەو ڕێچکە بگوازرێتەوە بۆ باکور و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای

کوردستانە هەروەها پێویستە حزبی ئیسلامی لەسەر ئەو ئایدۆلۆژیایە لەو پارچانە دروست بکرێت ئەمەش بۆ ئەوەی خۆمان لەوانی تر جیا بکەینەوە دووەمیش ئەو کوردە ئیسلامیانە بگەرێنینەوەو دەنگ و پالپشتی ئیسلامی کوردی بن نەک نەتەوەی تر چونکە ئەو کاتە لەجیاتی دەنگ بەحزبی ئیسلامی تورکی بدات بەکوردی دەدات یان پالپشتی ئیسلامی عەرەبی فارسی بێت کە هێزت نیە کە ئیسلامی بێت وا دەبێت بەلام کە دروستت کردوو ئەوا جۆرێکی تر دەبێت یانی مەبەستمە هەموو بیرو ئایدیاکمان لەناوکۆمەلگادا هەیەو بۆیەش وا بکەین کە بتوانین بۆ سودی خۆمان کەلک وەربگرین بێگومانیش کۆمەلگای ئێمە موسلمانە پیوستی ئەو بوارەو بەو کارەش هەیە کە بیکەین.

## ئەنجام

دوای ئەوەی گەشتێکی کورت باسی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی بەبەرگی بیانی و وولاتانی تر کرد بۆمان دەرکەوت بۆتە چەکێک بەدەست سیاسیەکانەوە ئەمەش بۆ داگیر کاری و فراوان بوون و کردنی دەسەلاتی خۆیان هەروەها ئاڕاستە کردنی خەلکی وولاتانی تر بەکاری دێنن دەتوانم بلێم ئایدۆلۆژیا بەیەکێکیش لە گرنگترین ئەو ئامرازانەش دادەنرێت و پاشان ئەگەر سەرنج بدەین بۆمان دەردەکەوێت هەر یەکەیان بەکۆمەلێک ووتەو دروشم خۆیان لەوانی تر جیا کردۆتەوە ئەمەش بۆ ئەوەی لەوانی تر جیاواز تر بن و نەکەونە ژێر ئاڕاستە کردن لەلایەن گروپ و لایەنەکانی ترەوە ئەمەش بەتایبەت نەیارەکانیان پاش ئەمەش باسی ئەوەمان کرد چی بکەین و چۆن ڕێگە لەمە بگرین لەکۆتایدا هیوادارم پەیامەکەم ڕوون بێت وگەیاند بم.

# سەرچاوە

## کتێب

یەک :زانستی کەلام حەمید عەزیز

دوو: چۆن ئیسلامی میانرەو دەبێتە کارگەی بەرهەم هێنانی تیرۆر، نوسینی سۆران سێوکانی چاپخانەی حەمدی، دەزگای ئایدیا، سالی ٢٠١٦

سێ: ئیمام حەسەن بەننا، نوسینی مستەفا محەمەد التعان،وەرگێڕانی محمد عبدالرحیم، بلاوکراوە پرۆژەی تیشک،سالی ٢٠٠٩.

## مالپەڕ

- ویکیپیدیا
- Islamic studeis

# داگیرکردنی خاک
# لەڕێگەی
# ئایدۆلۆژیای مەزهەبی

## پێشکەشە بەدایکانی شەهیدو پارێزەرانی وولات

"پێشتر ئاینەکان سیاسیەکانیان بەکاردەهێنا
ئێستاش سیاسیەکان ئاین بەکاردێنن"

نووسەر:زانەوێر ڕەزاق خەیلانی

2019 زاینی